# پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## **بەشی یەکەم**

## **چەند یاسایەکی گشتی**

### **بەندی ژمارە 1**

ئەنجومەنی نوێنەران عێراقی دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری باڵایە، ئەو کارانە ئەنجام دەدات کە لە مادەی (61)ی دەستور ئاماژەی پێکراوە یان ئەو مادانەی تر کە پەیوەندیان بەم خاڵەوە هەیە.

### **بەندی ژمارە 2**

ئەنجومەنی نوێنەران لە 328 ئەندام پێکدێت، کە بەپێی یاسای هەڵبژاردن هەڵبژێردراون.

### **بەندی ژمارە3**

یاساکانی ئەم پەیڕەوە ئازادی بیروڕاو بیرکردنەوە بۆ سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دابین دەکات، هەر تێزێکی سیاسی یاخود حیزبیان هەبێت، بەمەرجێك پێچەوانە نەبێت لەگەڵ دەستور. هەروەها مافی ئازادی ئۆپۆسیزیۆنی بابەتیو ڕەخنەی بنیاتنەریان دەپارێزێ.
لەهەمانکاتدا چۆنیەتی هاوکاری نێوان ئەنجومەنی نوێنەران و دام و دەزگا دەستوریەکان دی ڕێکدەخات.

### **بەندی ژمارە4**

ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران پابەند دەبن بە دەستور و ئەم پەیڕەوی ناخۆیەوە، لە گفتوگۆو ئەو بڕیارانەی کە دەیدەن.

## **بەشی دووەم**

## **دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران**

### **بەندی ژمارە 5**

دانیشتنی یەکەمی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن بە تەمەنترین ئەندام لە نێو ئامادەبووان سەرۆکایەتی دەکرێت، ئەرکەکەشی تەنها بریتیە لە بەڕێوەبردنی دانیشتنی یەکەم و هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگرەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران.

## بەندی ژمارە 6

ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران سوێندی یاسایی دەخۆن بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوێند دەخۆم بەخوای گەورە کە ئەرك و بەرپرسیاریەتی یاساییم بە لێبراویی و دڵسۆزیەوە جێبەجێبکەم و پارێزگاری لە سەربەخۆیی و سەروەری عێراق بکەم و بەرژەوەندی گەلەکەی لەبەرچاوبگرم و شەونخونی بکەم لەسەر پارێزگاری ئاسمان و زەوی و ئاوو سامان و ڕژێمە دیموکراتیە فیدراڵیەکەی و کاربکەم بۆ بەدیهێنانی ئازادیە گشتی و تایبەتیەکان و سەربەخۆیی قەزاو پابەند بوون بە جێبەجێکردنی یاساکانی بە ئەمانەت و بێلایەنی، خوا شایەتی ئەوەیە کە دەیڵێم.

## بەندی ژمارە 7

یەکەم: سەرۆکی کاتی دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و هەردوو جێگرەکەی واڵا دەکات.

دووەم: دوای تەواوبوونی ماوەی خۆپاڵاوتن، ئەنجومەنی نوێنەران سەرۆکی ئەنجومەن و پاشان جێگری یەکەم و دواتر جێگری دووەم بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەن بە شێوەی دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێرێت.

## بەندی ژمارە 8

یەکەم:سەرۆکی کاتی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ئاشکرادەکات و بانگی سەرۆك و هەردوو جێگرەکەی دەکات بۆ شوێنی تایبەت بە دەستەی سەرۆکایەتی.
دووەم:دەستەی سەرۆکایەتی لە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و هەردوو جێگرەکەی پێکدێت.

## بەندی ژمارە 9

دەستەی سەرۆکایەتی ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێدەکات:
یەکەم: ڕێکخستنی کارنامەی هەموو دانیشتەنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیدار یان نوێنەری لیژنەکان و دابەشکردنی بەسەر ئەندامان و ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەی سەرۆکایەتی وئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ هاوپێچکردنی ئەو پرۆژەو پێشنیارو ڕاپۆرتانەی کە مایەی تاوتوێکردنە بە ڕەچاوکردنی ئەوەی پێشینە بدرێت بەو پرۆژە یاسایانەی کەلەلایەن حکومەتەوە پێشکەشکراوە بۆ تاوتوێکردن، کە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە لێکۆڵینەوەی تەواوبووە، هەروەها ئەو بابەتە گرنگانەی کە دەگوزەرا لانی کەم پێش ئەنجامدانی دانیشتنەکە بە دوو ڕۆژ، بەمەرجێك دەستور وادەی تری دیاری نەکردبێت.
دووەم: پەسەندکردنی کۆنووسی دانیشتنی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران.
سێیەم: دانانی یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی کۆنووسەکان.
چوارەم:یەکلاییکردنەوەی پسپۆری لیژنەکان لە کاتی دروستبوونی ناکۆکی سەبارەت بەو کێشانەی کە ئاراستەیان دەکرێت.
پێنجەم: ئامادەکردنی پلانی کاری ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتە کارگێڕیەکانی و بەدواداچوونی

جێبەجێکردنی پاش بڕیاردان لەسەری.
شەشەم: بڕیاردان لەسەر پەیکەری دیوانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجامدانی گۆڕانکاری تێیدا، هەروەها دیاریکردنی سیاسەتی بەڕێوەبردن و داراییەکەی و ئاگادارکردنی ئەندامانیش لەوبارەیەوە.

حەوتەم: ڕێکخستنی بودجەی ساڵانەی ئەنجومەنی نوێنەران و خستنەڕوی بۆ ئەنجومەن بەمەبەستی پەسەندکردنی و هەروەها سەپەرشتی جێبەجێکردنی و گۆڕینی بەشەکانی.
هەشتەم: ڕاسپاردنی یەکێك لە لیژنەکان بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کێشەیەکی دیاریکراو.
نۆیەم: ڕێکخستنی پەیوەندی ئەنجومەنی نوێنەران بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری.
دەیەم:ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی ئەنجومەن لەگەڵ ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمەکان و ئەنجومەنی ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون.
یازدەهەم: ڕێکخستنی پەیوەندی ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ کۆمەڵە و ئەنجومەن و پەرلەمانی وڵاتانی دۆست و یەکێتی پەرلەمانەکان کە ئەنجومەنی نوێنەران  پەیوەندی هەیە لەگەڵیان.
دوازەهەم:
أ - سەرۆك و هەردوو جێگرەکەی لە دەستەی سەرۆکایەتی ڕێکدەکەون لەسەر سەرپەرشتیکردن و چاودێری لەسەر سەرجەم فەرمانبەران و کارمەندانی دیوانی ئەنجومەن و هەروەها لە گرتنەبەری بڕیاری پەیوەندیدار بە دامەزراندن و چوونەدەرەوەی وڵات بەو شێوەیەی کە بنەمای هاوسەنگی و هەلی یەکسان بۆ سەرجەم عێراقیەکان بەدی بێت بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکانی دەوڵەت. لەگەڵ گرتنەبەری ئەو بڕیارانەی کە کە پەیوەندیدارە بە بەرزکردنەوەو گواستنەوەی خزمەت و خانەنشینکردن و برزەفتکردن (انچباگ) بەپێی ئەو یاسایانەی کە لە دەوڵەت کاری پێدەکرێ. فەرمانەکانیش بە واژوی سەرۆکی ئەنجومەن دەبێت، یان ئەو کەسەی جێی دەگرێتەوە ئەگەر لە ئەنجومەن ئامادە نەبوو.
ب – ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی ئامادەنەبوو، ئەوا بڕیارەکان بە ڕێککەوتنی ئەو دوو ئەندامە دەبێت کە ئامادەن.
سێزدەهەم: دیاریکردنی دوو سکرتێر لە نێو ئەندامانی ئەنجومەن.
چواردەهەم: گرتنەبەری بڕیار سەبارەت بە گەشتکردنی فەرمی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ناوخۆو دەرەوەی عێراق بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی لیستە پەرلەمانیەکان.
پازدەهەم: دەستەی سەرۆکایەتی سەرپەرشتی فەرمانگەی توێژینەوە دەکات و بێلایەنیبوونی دەپارێزێت.

## بەندی ژمارە 10

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران یان هەردوو جێگرەکەی بەیەکەوە بانگهێشتی دەستەی سەرۆکایەتی دەکات بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی، هەروەك سەرۆك یان هەردوو جێگرەکەی بەیەکەوە دەتوانن دەستەی سەرۆکایەتی بانگهێشت بکەن بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی. دانیشتنی دەستەی سەرۆکایەتیش یاسایی دەبێت بە ئامادەبوونی زۆرینەی دەستەکە.

## بەندی ژمارە 11

یەکەم: لە کاتێکدا کە سەرۆك یان جێگرەکانی نەیانتوانی ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن، یەکێکی دیکە بە شێوەیەکی کاتی و بەزۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێردرێت لە نێوان ئامادەبووان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران .
دووەم:سەرۆك یان هەردوو جێگرەکە بەیەکەوە داوای ئەنجامدانی دانیشتنی ئەنجومەن دەکەن بەپێی ئەو

بەرنامەی دانیشتنە کە دەستەی سەرۆکایەتی لەسەری ڕێکدەکەوێت.
سێیەم: دانیشتنەکان بە ڕێککەوتن یان ڕێککەوتنی سەرۆك لەگەڵ یەکێك لە جێگرەکان کۆتایی پێدەهێنرێت.

## بەندی ژمارە 12

یەکەم: ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی دەست لەکار کێشایەوە، لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەست لەکار کێشانەوەکەی وەردەگیرێت.
دووەم: ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت هەر ئەندامێکی دەستەی سەرۆکایەتی لەسەرکار لاببات بەپێی یاسا.
سێیەم: ئەگەر پۆستی سەرۆکی ئەنجومەن یان یەکێك لە دوو جێگرەکەی بەتاڵ بوو لەبەر هەر هۆیەك بێت، ئەنجومەنی نوێنەران کەسێك لە جیاتی هەڵدەبژێرێت لەیەکەم دانیشتن کە ئەنجامی دەدات بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکە بەپێی پرنسیپی هاوسەنگی سیاسی نێوان لیستەکان.

## بەشی سێیەم

## ئەندامێتی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا

## بەندی ژمارە 13

پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە لە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەراندا هەبێت:

یەکەم: پێویستە عێراقی بێت و لێهاتوویی تەواوی تێدابێت بەپێی مادەی (49) بڕگەی دووەم لە دەستور.

دووەم: نابێت بڕگەکانی یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس بیگرێتەوە بەپێی مادەی (135) بڕگەی سێیەم لە دەستور.

سێیەم:ئەو مەرجانەی تری تێدابێت کە لە یاسای هەڵبژاردن ئاماژەی پێکراوە.

## بەندی ژمارە 14

پاڵێوراو بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دادەنرێت و سەرجەم مافەکانی ئەندامێتی هەیە لە بەرواری پەسەندکردنی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان. لە دوای سوێندی یاساییش دەست بەکار دەبێت.

## بەندی ژمارە 15

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران ئەگەر بووە ئەندام لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی یان ئەنجومەنی وەزیران، بە دەست لە کار کێشراوە دادەنرێت و مافەکانی ئەندامێتی نامێنێ.

## بەندی ژمارە 16

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت پابەند بێت بەم خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم: ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەو لیژنانەی ئەندامە تێیدا تەنها مەگەر بە بیانوویەکی یاسایی نەبێت کە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران یان سەرۆکی لیژنە دیاری دەکات.

دووەم: کاتێك دەچێتە دەرەوەی وڵات دەبێت دەستەی سەرۆکایەتی ئاگادار بکات.

## بەندی ژمارە 17

یەکەم: سەرۆك دەتوانێت مۆڵەتی ئاسایی بدات بە ئەندام کە لە (15) ڕۆژ تێپەڕنەکات لە ماوەی خوولێکی ساڵانەی ئەنجومەنی نوێنەران.
دووەم: ئەندام دەتوانێت مۆڵەتی نەخۆشی وەربگرێت بە پێی یاسا، هەروەها دەستەی سەرۆکایەتی باری منداڵبوون دیاری دەکات.
سێیەم: ماوەی چوونە دەرەوەی وڵات بە کاری ئەنجومەنی نوێنەران بە نەهاتن دانانرێت.

## بەندی ژمارە 18

یەکەم: تۆماری ئامادەبوون و نەهاتنی ئەندامان دەنووسرێت و لە بڵاوکراوەی ئاسایی ئەنجومەن و یەکێك لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوە.
دووەم: لە کاتێکدا ئەندام پێنج جار بەدوای یەکدا یان دەجار بەشێوەی پچڕپچڕ لەماوەی خوولی یاسادانانی ساڵێکدا بەبێ بیانووی یاسایی ئامادە نەبوو، دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێت بە نووسراوێك ئاگاداری بکاتەوە و تێیدا داوای پابەند بوونی لێبکات. لە کاتێکدا ئەگەر ئەندام ئامادەنەبوو لەبەردەم دەستەی سەرۆکایەتیدا، کێشەکە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر داوای دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران.
سێیەم: ئەگەر لەبارێکدا ئەندام ئامادەنەبوو لە دانیشتنێکی ئەنجومەندا ڕێژەیەکی دیاریکراو لە دەرماڵەکەی دەبڕدرێت.

## بەندی ژمارە 19

یەکەم: ناکرێت لە یەك کاتدا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران کارێکی تر یان پۆستێکی فەرمی دیکەی هەبێت.
دووەم: ناکرێت ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە هەمان کاتدا ئەندامیش بێت لە ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمەکان یان ئەنجومەنی پارێزگاکان. پێویستە ئەندام یەکێك لەو دوو پۆستە هەڵبژێرێت، ئەگەر بێدەنگ بوو ئەوا بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دادەنرێت.
سێیەم: نابێت ئەندام لەگەڵ فەرمانگە حکومیەکان بۆ خۆی یان لە ڕێی کەسێکی دیکە گرێبەند ببەستێ لەکاتی ئەندامێتی لە ئەنجومەنی نوێنەران، هەروەها نابێت ئەندامبوونی بەکاربهێنێت بۆ مەبەستی تایبەتی.

## بەندی ژمارە 20

یەکەم: ئەندام لێی ناپرسرێتەوە بەرامبەر ئەو بۆچوونانەی دەری دەبڕێ یان هەر کارێك ئەنجامی دەدات لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لە ئەنجومەنی نوێنەران.
دووەم: نابێت ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەستگیر بکرێت لە ماوەی وەرزی یاسادانانیدا مەگەر بەتاوانێك تۆمەتبار بکرێت، بەڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهاش پاراستە (حصانە)ی لێوەردەگیرێتەوە، یاخود ئەگەر لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێك دەستگیربکرێت.
سێیەم: نابێت ئەندام لە پاش وەرزی یاسادانان دەستگیربکرێت مەگەر بەتاوانێك تۆمەتبارکرابێت و بەڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران پاراستە (حصانە) لێوەردەگیرێتەوە، یاخود ئەگەر لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێك دەستگیربکرێت.

# بەشی چوارەم
# دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران

## بەندی ژمارە 21

دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە شاری بەغدا ئەنجامدەدرێت، هەروەك دەكرێت لە شوێنی دیکە ئەنجامبدرێت ئەگەر پێویست بوو.

## بەندی ژمارە 22

یەکەم:ئەنجومەنی نوێنەران خولێکی یاسادانانی ساڵانەی هەیە کە لە دوو وەرزی یاسادانان پێکدێت، یەکەمیان لە یەکی ئازارەوە دەستپێدەکات و لە 30 حوزەیرانی هەموو ساڵێك کۆتایی پێدێت. وەرزی دووەمیش لە یەکی ئەیلول دەستپێدەکات و لە 31ی کانوونی دووەم کۆتایی پێدیت.

دووەم: ئەو وەرزی یاسادانانەی کە بودجەی گشتی ساڵانەی دەوڵەتی تێداخراوەتەڕوو کۆتایی نایەت تاپەسەند دەکرێت.

سێیەم: دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لانی کەم دوو ڕۆژ لە یەك هەفتەدا ئەنجام دەدرێت، دەستەی سەرۆکایەتیش دەتوانێت ماوەکەی درێژبکاتەوە یان دیاری بکات بەپێی پێویست.

## بەندی ژمارە 23

ڕێژەی یاسایی بۆ ئەنجامدانی دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی دەبێت و بڕیارەکانیش بە زۆرینەی کەمی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو دەدرێت، بە مەرجێك دەستور پێچەوانەی ئەمەی بڕیار نەدابێت. لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیش ئەو لایە پەسەند دەکرێت کە سەرۆك دەنگی بۆ دەدات.

## بەندی ژمارە 24

نابێت دانیشتن دەست پێبکات هەتا ڕێژەی یاسایی پێویست ئامادە نەبێت، کە لە بڕگەی (23)ی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە ئاماژەی پێکراوە. ئەگەر دەرکەوت ڕێژەی یاسایی ئامادەنەبووە، سەرۆك دانیشتنەکە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دوادەخات، ئەگەر هەر ڕێژەی یاسایی تەواو نەبوو ئەوا سەرۆك دواخستنی دانیشتنەکە ڕادەگەیەنێت و وادەیەکی دی دیاردەکرێت بۆ ئەنجامدانی دانیشتن.

## بەندی ژمارە 25

بوونی ڕێژەی یاسایی بە پێویست دادەنرێت لەکاتی دەنگداندا، بەڵام بەمەرج دانانرێت بۆ بەردەوامبوونی کۆبوونەوەکە.

## بەندی ژمارە 26

ئەنجومەنی نوێنەران بەردەوام دەبێت لە کارەکانی لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕگەکانی مادەی (56) لە دەستور.

## بەندی ژمارە 27

ئەندام مافی ئەوەی هەیە کە نارەزایی بخاتەڕوو (خاڵی یاسایی "نقگە نڤام") لە بەڕێوەچوونی گفتوگۆکاندا ئەگەر سەرپێچی یەکێك لە مادەکانی دەستور یان یاسا کرا یان گفتوگۆکان چوارچێوەی کارنامەی

دانیشتنەکەیان بەزاند، هەروەك پێویستە ئەو مادەیە بخاتەڕوو کە پشتی پێ بەستووە.

## بەندی ژمارە 28

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یاخود پەنجا پەرلەمانتار دەتوانن داوای ئەنجامدانی دانیشتنێکی نائاسایی بکەن، بەمەرجێك دانیشتنەکە تەنها تایبەت بێت بەو بابەتانەی کە لە بانگهێشتەکەدا دیاری کراوە.

## بەندی ژمارە 29

یەکەم: دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێت، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە بارودۆخەکە پێچەوانەی ئەمە بخوازێت، لەسەر داوای سەرۆکی دانیشتنەکە یان دەستەی سەرۆکایەتی یاخود سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان لەسەر داوای سوپێنج لە ئەندامانی ئەنجومەن و بەڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووانی ئەندامان. لەم کاتەدا هیچ کەسێك ئامادەی دانیشتنەکە نابێت، بە کارمەندانیشەوە یەکێك لە دوو جێگرەکەو هەرکەسێکی دیکە لە ئەندامان کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە دەستنیشان بکرێت کۆنووسی دانیشتنەکە رێکدەخەن.

دووەم: کۆنووسی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بەو ڕێگەیەی کە دەستەی سەرۆکایەتی بەباشی دەزانێت بڵاودەکرێتەوە.

# بەشی پێنجەم
# بوارەکانی کاری ئەنجومەنی نوێنەران

## بەندی ژمارە 30

ئەنجومەنی نوێنەران ئەو کارانە ئەنجام دەدات کە لە مادەی (61)ی دەستور ئاماژەی پێکراوە.

## بەندی ژمارە 31

ئەنجومەنی نوێنەران ئەم کارە یاساییانە جێبەجێدەکات:

یەکەم: دەرکردنی پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بە ئەنجومەنی نوێنەران.

دووەم: دانانی یاسای تایبەت بە جێگرتنەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە کاتی دەست لەکار کێشانەوە یان لەکار خستن یان مردن یان لەدەستدانی ئەندامێتی لەبەر هەر هۆیەك بێت.

سێیەم: چاوخشاندنەوە بە پرۆژەی یاسا پێشنیارکراوەکان کە لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتی یان ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە، لەوانەش پرۆژەی یاسای بودجەی گشتی ساڵانەی دەوڵەت و بودجەی تەواوکاری و پەسەندکردنی ژمێریاری کۆتایی و هەروەك کاری ئەنجومەن تایبەتمەندیشە بە گواستنەوەی بەش و بەندەکانی بودجەی گشتی و کەمکردنەوەی کۆی بڕی بودجەکە، لەهەمانکاتدا ئەنجومەن دەتوانێت لەکاتی پێویستدا پێشنیاربکات بەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕی خەرجیەکان زیادبکات بەپێی مادەی 62ی دەستور.

چوارەم: دانانی بودجەیەکی سەربەخۆو تەواو بۆ دادگا.

پێنجەم: پەسەندکردنی بودجەی ئەنجومەنی نوێنەران و لیژنەکانی.

شەشەم: چاوخشاندنەوە بە پڕۆژەی یاسای پێشنیارکراو لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و لیژنەکانی ئەنجومەن.

حەوتەم: ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران بڕیارێکی دەرکرد و لە لایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ڕەزامەندی لەسەر نیشان نەدرا، ئەوا پڕۆژەی یاساکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بەمەبەستی چاوخشاندنەوە لەو بوارانەی کە ناڕەزایی لەسەرەو بە زۆرینەی ئەندامان دەنگی لەسەر دەدرێت، پاشان دووبارە ڕەوانەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەکرێـتەوە بەمەبەستی نیشاندانی ڕەزامەنی لەسەری. ئەگەر بۆ جاری دووەم ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەماوەی دە ڕۆژدا لەبەرواری گەیشتنی یاساکەدا ڕەزامەندی لەسەر نیشان نەدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و لەم کاتەشدا ئەنجومەن دەتوانێت بەزۆرینەی 3\5ی ئەندامانی پەسەندی بکات و نابێت ناڕەزایی لەسەر نیشان بدرێت و بەپەسەندکراو دادەنرێت.

**بەندی ژمارە (32)**

ئەنجومەنی نوێنەران کاری چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ئەستۆ دەگرێت، بەم پێیەش ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:

یەکەم:بانگهێشتکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و لێپرسینەوەو بانگهێشتکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆك وەزیرانیشەوە، یاخود هەر بەرپرسێکی دیکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

دووەم: ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو بەپرسانەی ئاماژەیان پێدرا سەبارەت بە هەر ڕووداوێك کە ئەنجومەنی نوێنەران پێی وایە پەیوەندیدارە بە بەرژەوەندی گشتی یان مافی هاوڵاتیانەوە.

سێیەم: داواکردنی زانیاری و بەڵگەنامە لەهەر لایەنێکی ڕەسمی سەبارەت بەهەر بابەتێك کە پەیوەندیدارە بە بەرژەوەندی گشتی یان مافی هاوڵاتیان ، یاخود جێبەجێکردنی یاساکان لەلایەن دەستەو دەزگاکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە.

چوارەم: داوای ئامادەبوونی هەرکەسێك بۆ شایەتیدان یان ڕوونکردنەوەی هەڵویست یان ئاشکراکردنی زانیاری سەبارەت بەهەر بابەتێك کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە خرابێتە ڕوو هەروەها مایەی کۆڵینەوەی بێت.

پێنجەم: ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانن سەردانی وەزارەت و فەرمانگەکانی دەوڵەت بکەن بۆ بەدواداچوونی کارەکانیان و ئاگاداربوونی باش بەڕێوەچوونیان و جێبەجێکردنی یاسا.

## بەشی شەشەم
## ئەرکی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و هەردوو جێگرەکەی

**بەندی ژمارە (33)**

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ئەو کەسەیە کە نوێنەرایەتی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات و بەناوی ئەنجومەنەوە دەدوێت.

## بەندی ژمارە (34)

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

یەکەم: کارکردن بۆ جێبەجێکردنی دەستورو یاساو پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران.

دووەم: کردنەوەو سەرۆکایەتیکردنی دانیشتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران.

سێیەم: بانگهێشتکردنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئەنجامدانی دانیشتنی نائاسایی.

چوارەم: داوای درێژکردنەوەی وەرزی یاسادانانی خوولی ساڵانەی ئەنجومەنی نوێنەران بەمەرجێك لە سی ڕۆژ تێپەڕنەکات.

پێنجەم: بەڕێوەبردن و پاراستنی هێمنی گفتوگۆکان و دیاریکردنی بابەتی گفتوگۆکان هەروەها ئاراستەکردنی ئەو کەسەی دەیەوێت بەشداری بکات تا لەسنووری بابەتەکەو یاسا دەرنەچێت، هەروەها مافی ئەوەی هەیە کە هەر بابەتێك ڕوون بکاتەوە کە ڕۆشن نەبێت یان داوای ڕوونکردنەوەی بکات.

شەشەم: ئەو بابەتانەی کە پێویستی بە دەنگدانە بیخاتە دەنگدانەوەو ئەنجامی دەنگدانەکە ئاشکرابکات.

حەوتەم: نوێنەرایەتیکردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ئاهەنگە نیشتمانی و بۆنەکانی دیکەدا، هەروەك دەتوانێت یەکێك لە جێگرەکانی یان ئەندامان ڕابسپێرێ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.

هەشتەم: گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی ئاسایش و یاسا لە نێوئەنجومەنی نوێنەراندا.

نۆیەم: چاودێری و سەرپەرشتیکردنی فەرمانبەران و کارمەندانی دیوانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجامدانی سەرجەم ئەو دەسەڵاتانەی کە لەم بارەیەوە بڕیاری لەسەردراوە بەمەرجێك پێچەوانە نەبێت لەگەڵ مادەی (9)ی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە.

## بەندی ژمارە (35)

یەکەم: جێگری یەکەم ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات:
أ . جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لەکاتی ئامادەنەبوونی یان ئەگەر نەیتوانی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.
ب . بەدواداچوونی کاری لیژنە هەمیشەییەکان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەوبارەیەوە بەو پێیەی دەستەی سەرۆکایەتی لەسەری ڕێك دەکەوێت.
ج . سەرپەرشتیکردنی دانیشتنی هاوبەشی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران.
دووەم: جێگری دووەم ئەم ئەرکانە جێبەجێدەکات:
أ . جێبەجێکردنی کارەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و جێگری یەکەم، یاخود ئەگەر نەیانتوانی ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن.
ب . بەدواداچوونی کاری لیژنە هەمیشەییەکان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەو بارەیەوە بەو شێوەیەی کە دەستەی سەرۆکایەتی لەسەری ڕێك دەکەوێت.
ج . دڵنیا بوون لە ئامادەبوونی ڕێژەیی یاسایی لە کاتی ئەنجامدانی دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرپەرشتی پرۆسەی تۆمارکردنی ئەو ئەندامانەی ئامادە نەبوون، بیانوویان هەبێت یان نا.

د . دانانی خشتەی ناوی ئەو ئەندامانەی داوای بەشداری دەکەن.
سێیەم: ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی سەرۆکایەتی دانیشتنی کۆبوونەوەی ئەو لیژنانە دەکات کە ئامادەی دەبێت، بەڵام مافی دەنگدانی نیە.
چوارەم:دەستەی سەرۆکایەتیش دەتوانێت ئەرکی دیکە بسپێرێت بە هەر یەکێکیان.

**بەندی ژمارە (36)**

هەردوو بڕیاردەرەکان ئەم ئەرکانەیان هەیە:
یەکەم: چاودێریکردنی پرۆسەی جیاکردنەوی دەنگەکان دوای دەنگدانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.
دووەم: ڕێکخستن و کورتکردنەوەو دۆکۆمێنتکردنی کۆنووسی دانیشتنەکان و دابەشکردنی بەسەر ئەندامانداا.
سێیەم: هەر ئەرکێکی دیکە کە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران پێیان بسپێرێت.

## بەشی حەوتەم
## بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران

**بەندی ژمارە (37)**

یەکەم: دەستەی سەرۆکایەتی کارنامەی دانیشتنەکانی هەفتەیەکی ئەنجومەن بەهەمەئاهەنگی لەگەڵ سەرۆکی لیژنە پەیوەندیدارەکان دادەنێت و لانی کەم پێش دوو ڕۆژ لە ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی هەفتە دابەشدەکرێت بەسەر ئەندامانددا یان پێیان ڕادەگەیەنرێت.

دووەم: نابێت هیچ بابەتێك تاوتوێ بکرێت و بخرێتە ڕوو ئەگەر لە کارنامەی دانیشتنەکەدا نەهاتبێت، تەنها بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو نەبێت.

سێیەم: تاوتوێکردنی بڕگەکانی کارنامەی دانیشتنەکە بەو شێوەیە دەبێت کە لە ڕیزبەندی کارنامەکەدا هاتووە، هەروەها تاوتوێی بڕگەیەکی نوێ ناکرێت، ئەگەر بڕگەی پێشووتر تەواو نەبێت. ئەگەر نەتوانرا کۆتایی بە تاوتوێکردنی بڕگەیەك بهێنرێت ئەوا دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێت دوای بخات بۆ دانیشتنێکی دیکە.

**بەندی ژمارە (38)**

یەکەم: دەستەی سەرۆکایەتی بە ڕاوێژ لەگەڵ لیستە پەرلەمانیەکان دەتوانێت بەیاننامە دەربکات بەناوی ئەنجومەنی نوێنەران دەربارەی کێشە گرنگ و پێشهاتەکان کە پێی وایە پێویستە بەیاننامەی لەبارەوە دەربکرێت.

دووەم: ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت داوابکات لە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ خستنەڕووی بابەتێك کە لە کارنامەی دانیشتنەکەدا نەهاتبێت ئەگەر پەیوەندی هەبێت بە کێشەیەکی مەترسیدارو گرنگ و بەپەلەو پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی دەستەی سەرۆکایەتی و هەڵسەنگاندنی.

**بەندی ژمارە (39)**

یەکەم: سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتەکە دەکاتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:
( بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان...لە جیاتی گەل دانیشتنەکەمان دەستپێدەکەین.)
دووەم:خوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز لەسەرەتای هەموو دانیشتنێکدا.

**بەندی ژمارە (40)**

یەکەم:ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت ئامادەی دانیشتەکان ببێت لەسەر داوای خۆی و بە ڕەزامەندی دەستەی سەرۆکایەتی هەروەها دەتوانێت بەشداری لەو گفتوگۆیانە بکات کە پەیوەندیدارە بە کاروباری وەزارەتەکەی یان حکومەت، هەروەك دەتوانێت گەورە بەرپرسان و کارمەندانی وەزارەتەکەی لەگەلأ خۆی بهێنێ تا پشتیان پی ببەستێ دوای مۆڵەت خواستن لە سەرۆك.
دووەم: هاوڵاتیان و کارمەندانی بواری ڕاگەیاندن مافی ئامادەبوونی دانیشتەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانیان هەیە پاش مۆڵەت وەرگرتن لە دەستەی سەرۆکایەتی بەمەرجێك دانیشتەکە نهێنی نەبێت.

**بەندی ژمارە (41)**

ئەندام لە دانیشتەکاندا لەسەر مۆڵەتی سەرۆك قسەدەکات، هەروەها سەرۆك بۆی هەیە ماوەیەکی دیاریکراو دابنێ بۆ قسەکردن. هەروەك ئەندام نابێت لەو ماوەیەی بۆی دیاریکراوە زیاتر بدوێ، بۆشی نیە زیاتر لە دوو جار بەشداری بکات لەسەر بابەتێك مەگەر سەرۆکی ئەنجومەن ڕێگەی پێ بدات.

**بەندی ژمارە (42)**

یەکەم: ئەندام ووتەکانی ئاڕاستەی سەرۆك دەکات بەمەرجێك لە بابەتەکە دەرنەچێت و خۆی دوور بگرێت لە دووبارەکردنەوە. ئەگەر ئەندام پەیڕەوی ئەم خاڵانەی نەکرد ئەوا تەنها سەرۆك بۆی هەیە ئاگاداری بکات بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە.
دووەم: نابێت دووبارە گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە بکرێت کە یەکلاییکراونەوە.

**بەندی ژمارە (43)**

ئەو ئەندامەی بەشداری دەکات دەتوانێت ڕاوبۆچوونی خۆی دەربېرێت بەڵام پێویستە ڕێزو شکۆی دەزگا دەستوریەکانی دەوڵەت و ڕێزی سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بپارێزێت، بە شێوەیەکی گشتی پێچەوانەی یاساو هێمنی دانیشتنەکە نەوەستێ.

**بەندی ژمارە (44)**

نابێت هیچ کەس جگە لە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران قسە بەو کەسە ببڕێت کە دەدوێت یان تێبینیەکی ئاڕاستە بکات. تەنها سەرۆك مافی ئەوەی هەیە ئاگاداری بکات لەهەر کاتێکدا کە دەدوێت ئەگەر سەرپێچی بەندی پێشوو یان هەر بەندێکی دی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیەی کرد، یان بۆچوونەکەی ئەوەندە ئاشکرابوو کە چیدی پێویستی بەوە نەدەکرد لەسەری بدوێ.

**بەندی ژمارە (45)**

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت فەرمان بدات بەلابردنی ووتەی هەریەك لە ئەندامان لە کۆنوسی دانیشتنەکەدا ئەگەر پێچەوانە بوو لەگەلأ بڕگەکانی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە، لە کاتی دەربڕینی ناڕەزایی لەسەر بڕیارەکە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئەوەی بەبێ مشتومڕ بڕیاری خۆی بدات لەو بارەیەوە.

**بەندی ژمارە (46)**

ئەگــەر یــاســا لــەنــاو ئەنجومەنی نوێنەراندا تێکچوو ســەرۆکــیــش نەیتوانی کــۆنــتــرۆڵــی دانــیشــتــنــەکــە بـکــات، ئــەوا دانــیــشــتــنــەکــە هــەڵــدەگــیــرێـــــت یان دوادەخـــرێـــت.

## بەشی هەشتەم
## ڕێوشوێنی تایبەت بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەوڵەت

### بەندی ژمارە (47)

ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنێکی تایبەت ئەنجام دەدات بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە پاڵاوتنی سەرۆك کۆمارو هەردوو جێگرەکەی بەپێی مادەی (70) لە دەستور.

### بەندی ژمارە (48)

سەرۆك کۆمارو هەردوو جێگرەکەی لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی ئەنجومەنی نوێنەراندا سوێندی یاسایی دەخۆن، بەو شێوەیەی کە لە مادەی ژمارە (50)ی دەستوردا هاتووە.

## بەشی نۆیەم
## ڕێوشوێنی متمانەبەخشین و بەدواداچوونی بەرنامەی حکومەت

### بەندی ژمارە (49)

یەکەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاسپێردراو ناوی ئەندامان و بەرنامەی حکومەت دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران.

دووەم: بەرنامەی حکومەتی سەرۆك وەزیران ڕەوانەی لیژنەیەکی تایبەت دەکرێت بەسەرۆکایەتی یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەری و پێشکەشکردنی بۆ ئەنجومەن پێش دەنگدان لەسەری.

سێیەم: حکومەت متمانەی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەست دەهێنێت پاش ڕەزامەندی نیشاندان لەسەر یەك بەیەکی وەزیرەکان و بەرنامەی حکومەت بە زۆرینەی ڕەها.

## بەشی دەیەم
## پرسیار و لێپرسینەوەو بــانــگــهــێــشــتــکــردن

### بەندی ژمارە (50)

هەموو ئەندامێك دەتوانێت پرسیار بە نووسراو ئاڕاستەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی یا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانی یان وەزیرەکان یاخود سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان و سەرۆکی ئەو

فەرمانگانەی کە پەیوەندیدارنین بە حکومەتەوە بکات لە یەکێك لەو کاروبارانەی کە تایبەتە بەوان پاش ئاگادارکردنی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران. بەمەبەستی وەرگرتنی ڕونکردنەوەی زیاتر لە کارێك کە ئەندام نایزانێت، یان لێکۆڵینەوە لە ڕووداوێك کە ئاگای لێیەتی، یان وەستان لەسەر سووربونی حکومەت لە کارێك لە کارەکاندا.

## بەندی ژمارە (51)

دەبێت ئەو پرسیارانەی کە پێویستە زارەکی لەلایەن بەرپرسەوە وەڵام بدرێتەوە لە کارنامەی نزیکترین دانیشتندا دابنرێت، بەلایەنی کەمەوە لە دوای هەفتەیەك لە ئاگادارکردنی بەرپرسی دیاریکراو، هەروەك نابێت وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە دوو هەفتە تێپەڕبکات.

## بەندی ژمارە (52)

نابێت ئەو پرسیارانە بخرێتە کارنامەی دانیشتنەکانەوە کە پەیوەندیدارن بەو بابەتانەی ڕەوانەی لیژنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران کراون، پێش ئەوەی لیژنەکە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکات، هەروەك نابێت پەرلەمانتارێك لە دانیشتنێکدا زیاد لە پرسیارێك تۆمار بکات. وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیش بەپێی ڕیزبەندیان دەبێت.

## بەندی ژمارە (53)

ئەو ئەندامەی پرسیاری ئاڕاستە کردووە دەتوانێت داوای ڕونکردنەوە لە بەرپرسی پەیوەندیدار بکات یان تێبینی خۆی سەبارەت بە وەڵامەکە بخاتەڕوو، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران پێی وابوو پرسیارەکە گرنگەو پەیوەندیدارە بە بابەتێکی گشتیەوە، دەتوانێت بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆی ڕێگە بدات بە سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیدار یان هەر ئەندامێك تا بە کورتی تێبینی بخەنەڕوو سەبارەت بە وەڵامی بەرپرسەکە.

## بەندی ژمارە (54)

ئەندام دەتوانێت لەهەر کاتێکدا پاشگەزبێتەوە لە پرسیارەکەی، هەروەك پرسیارەکە کاری پێ ناکرێت کاتێك ئەو کەسەی پرسیار دەکات یان پرسیاری لێکراوە لە پۆستەکەی نەمێنێت.

## بەندی ژمارە (55)

بیست و پێنج پەرلەمانتاری ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانن بابەتێکی گشتی بخەنە ڕوو بۆ تاووتوێکردن بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی سیاسەت و کاری ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێك لە وەزارەتەکان، داواکەش پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش وادەیەك دیاری دەکات بۆ ئامادەبوونی لەگەڵ دیاریکردنی دوا مۆڵەت بۆ تاووتوێکردنەکە.

## بەندی ژمارە (56)

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕەزامەندی بیست و پێنج ئەندام دەتوانێت بانگهێشت ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێك لە جێگرەکانی یاخود وەزیرەکان بکات بۆ هەڵسەنگاندنیان لەو کاروبارانەی کە پەیوەیدیدارە پێیانەوە، بانگهێشتەکەش ئەنجام نادرێت پاش تیپەڕبوونی حەوت ڕۆژ نەبێت بەلانی کەمەوە پاش پێشکەشکردنی.

**بەندی ژمارە (57)**

ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بپرسێتەوە لەسەر داوایەك کە هۆیەکی تێداڕوونکرابێتەوەو بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامان.

**بەندی ژمارە (58)**

بانگهێشتنامە لەلایەن پێشکەشکاری داواکە بە ڕەزامەندی لانی کەم بیست و پێنج ئەندام و بە نووسراو پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت و تێیدا بەشێوەیەکی گشتی بابەت و ئەو کارانەی کەسەکەی بۆ بانگهێشتکراوە دەخرێتەڕوو لەگەڵ خاڵ و شێوازی بەڕێوەچوونی بانگهێشتەکەو ئەو هۆکارانەی کە پشتی پێ دەبەستێ ڕووندەکرێتەوە، لەگەڵ ئەو سەرپێچیانەی کە بانگهێشتکراو ئەنجامی داوەو ئەو بنامایانەی کە پشتی پێدەبەستێ لە بۆچوونەکانیدا. نابێت بانگهێشتکردنەکە هیچ بڕگەیەکی تێدابێت کە پێچەوانەی دەستوور یان یاسابێت یان دەستەواژەی نەشیاو لەخۆبگرێت یان پەیوەندی بە بواریکەوە هەبێت کە کاری حکومەت نەبێت یان مەبەست لە بانگهێشتەکە بەرژەوەندی تایبەتی بێت. هەروەك نابێت جارێکی دی داوای بانگهێشتکردن بکرێت لەسەر بابەتێك کە ئەنجومەنی نوێنەران پێشتر یەکلایی کردبێتەوە، مەگەر بەهۆی ڕووداوێکی نوێ کە پێویست بکات.

**بەندی ژمارە (59)**

ئەو کەسەی داوای بانگهێشتی کردووە مافی ئەوەی هەیە لەهەر کاتێکدا پەشیمان ببێتەوە لە داواکەی، هەروەك بانگهێشتەکەش هەڵدەوەشێتەوە بە لاچوونی ئەو کەسەی داوای بانگهێشتی کردووە یان ئەو کەسەی بانگهێشت کراوە لە پۆستەکەی.

**بەندی ژمارە (60)**

ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران ویستی پرسیارێك یان بانگهێشتنامەیەك ئاڕاستەی سەرۆك یا ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بکات، دەبێت دوانگەی تایبەتی دەستەی سەرۆکایەتی جێبهێڵێ و لە شوێنی تایبەتکراو بۆی لە هۆڵی دانیشتنەکەی ئەنجومەنی نوێنەران دابنیشێ.

**بەندی ژمارە (61)**

ئەگەر گفتوگۆکە کۆتایی هات بە ڕازیبوونی ئەنجومەنی نوێنەران بە بۆچوونی بانگهێشتکراو، ئەوا کێشەکە کۆتایی پێدێت. بە پێچەوانەوە ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت متمانە لە بانگهێشتکراو وەربگرێتەوە بە گوێرەی بەندەکانی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە.

## بەشی یازدەیەم
## دەست لە کارکێشانەوەو متمانە لێ سەندنەوە

**بەندی ژمارە (62)**

یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی لە پۆستەکەی دەبەخشرێت بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران پاش ئەوەی لەلایەن دادگای باڵای فیدڕاڵیەوە داوای لەسەر تۆمار دەکرێت، لە یەکێك لەم بارانەی خوارەوەدا:

یەکەم: شکاندنی سوێندی دەستوری.

دووەم: پێشێلکردنی دەستور.

سێیەم: خیانەتی گەورە.

## بەندی ژمارە (63)

ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت بە زۆرینەی ڕەها متمانە بکێشێتەوە لە یەکێك لە وەزیرەکان و لەبەرواری کێشانەوەی متمانەش بە دەست لەکارکێشراوە دادەنرێت. نابێت کێشانەوەی متمانە لە وەزیر بخرێتەڕوو مەگەر لەسەر داوای خۆی بێت یان لەسەر داوای پەنجا پەرلەمانتار پاش تاووتوێکردنی بانگهێشتێك کە ئاڕاستەی کراوە. هەروەك ئەنجومەن بریاری خۆی دەرناکات لەسەر داواکە دوای حەوت ڕۆژ نەبێت بەلانی کەمەوە لە بەرواری پێشکەشکردنی.

## بەندی ژمارە (64)

یەکەم: ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەتوانێت داوایەك پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکات بۆ کێشانەوەی متمانە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

دووەم: ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت لەسەر داوای پێنج یەکی ئەندامانی کێشانەوەی متمانە لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بخاتەڕوو پاش بانگهێشتکردنێك کە ئاڕاستەی دەکرێت، هەروەك نابێت داوای متمانە کێشانەوە پێشکەش بکرێت لانی کەم پاش حەوت ڕۆژ نەبێت لە بەرواری پێشکەشکردنی بانگهێشتنامەکە.

سێیەم: ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی متمانە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکێشێتەوە.

## بەندی ژمارە (65)

ئەگەر متمانە لە سەرۆك وەزیران وەگیرایەوە ئەوا حکومەت بە دەست لەکارکێشراوە دادەنرێت.

## بەندی ژمارە (66)

لە کاتی دەنگدان بە سەندنەوەی متمانە لە ئەنجومەنی وەزیران بە گشتی، سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان لە پۆستەکانیان دەمێننەوە بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانیان بە مەرجێك لە 30 ڕۆژ تێپەڕ نەکات تا پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی نوێ بە پێی بەندی (73)ی دەستور.

## بەندی ژمارە (67)

ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت بانگهێشتی بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکان بکات و ڕێوشوێنەکانی بانگهێشتکردنی وەزیرەکانیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، هەروەك ئەنجومەن دەتوانێت بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی لە پۆستەکانیان بیانبەخشێ.

## بەشی سیازدەیەم
## لیژنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران

### بەندی ژمارە (68)

لیژنەیەکی کاتی بۆ هەموارکردنی دەستور پێکدێت و ئەو کارانە ئەنجام دەدات کە لە مادەی (142)ی دەستور ئاماژەی پێکراوە.

### بەندی ژمارە (69)

لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران پاش پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ پێکدێت و لە پێکهێنانیشیدا ویست و پسپۆڕی و شارەزایی ئەندام لەبەرچاو دەگیرێت.

### بەندی ژمارە (70)

لە ئەنجومەنی نوێنەراندا ئەم لیژنە هەمیشەییانەی کە لە خوارەوە دیاری کراون پێك دەهێنرێت:

1- لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە.
2- لیژنەی ئاسایش و بەرگری.
3- لیژنەی یاسایی.
4- لیژنەی نەوت و گاز و سامانە سروشتیەکان.
5- لیژنەی نەزاهە.
6- لیژنەی دارایی.
7- لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە.
8- لیژنەی پەروردەو فێرکردن.
9- لیژنەی تەندروستی و ژینگە.
10- لیژنەی کارو خزمەتگوزاری.
11- لیژنەی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون.
12- لیژنەی مافی مرۆڤ.
13- لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و گەشت و گوزارو شوێنەوار.
14- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
15- لیژنەی ڕاگوێزراوان و دەرکراوان و ئاوارە.
16- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاوو زۆنگاوەکان.
17- لیژنەی ڕیشەکێشکردنی بەعس.
18- لیژنەی شەهیدان و قوربانیان و زیندانە سیاسیەکان.
19- لیژنەی لاوان و وەرزش.
20- لیژنەی ئافرەت و خێزان و منداڵ.

21- لیژنەی دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
22- لیژنەی کاروباری ئەندامان و پەرەپێدانی پەرلەمانی.
23- لیژنەی هۆزەکان.
24- لیژنەی سکاڵا.

**<u>بەندی ژمارە (71)</u>**

پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ چاودێری جێبەجێکردنی مادەی (140)ی دەستور لەکاتی جێبەجێکردنیدا.

**<u>بەندی ژمارە (72)</u>**

یەکەم: هەموو ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە خۆی بپاڵێوێ بۆ ئەندامێتی و سەرۆکایەتی هەریەك لە لیژنەکان.
دووەم: دەستەی سەرۆکایەتی ناوی پاڵێوراوانی هەموو لیژنە هەمیشەییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران دەخاتەڕوو تا بەیەك لیست کە لیستە پەرلەمانیەکان لەسەری ڕێك دەکەون دەنگی لەسەر بدرێت.

**<u>بەندی ژمارە (73)</u>**

ژمارەی ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکان نابێت لە (7) ئەندام کەمتر بێت و لە (17) ئەندامیش زیاتر بێت.

**<u>بەندی ژمارە (74)</u>**

لیژنەکان لە سەرەتای سێ ڕۆژی یەکەمی دەست بەکاربوونیان بە زۆرینەی ژمارەی ئەندامانی سەرۆکی لیژنەو جێگری سەرۆك و بڕیاردەرێك هەڵدەبژێرن.

**<u>بەندی ژمارە (75)</u>**

یەکەم: لیژنەکان کۆبوونەوەی دەوری دەبێت کە سەرۆکی لیژنە یان جێگرەکەی ئەگەر سەرۆکی لیژنەکە ئامادەنەبوو، دیاری دەکات. ئاگادارکردنی ئەندامانیش لەڕێی بڕیاردەرەوە دەبێت.
دووەم: ڕێژەی یاسایی دانیشتنی لیژنەکان بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی دەبێت.
سێیەم: بڕیارەکانی لیژنە بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی دەدرێت و بڕیارەکانی لیژنەکەش بەڕاپۆرتێك بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بەرزدەکرێتەوە بە واژووی سەرۆکی لیژنەکە یان جێگرەکەی یاخود ئەندامانی لیژنەکە ئەگەر ئەوان ئامادەنەبوون.
چوارەم: لیژنەکان دەتوانن پشت بە شارەزایان ببەستن لەکاتی پێویستدا، هەروەك کرێی کارکردنەکەیان دیاری دەکرێت پاش ڕێککەوتن لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتیدا.

**<u>بەندی ژمارە (76)</u>**

یەکەم: لیژنە دەتوانێت هەریەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بانگهێشت بکات تا بۆچوونی خۆی دەربڕێ لە سەر ئەو بابەتەی کە خراوەتە ڕوو، بەڵام مافی دەنگدانی نیە. هەروەها لیژنە مافی بانگهێشتکردنی هەر کارمەندێکی حکومەت، بە ئاگاداری بەرپرسەکەی، یان شارەزا، یا پسپۆڕی هەیە جگە لە ئەندامان بۆ سوردوەرگرتن لە بۆچوونیان.
دووەم: هەموو ئەندامێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران مافی ئەوەی هەیە ئامادەبێت لە دانیشتەکانی هەر لیژنەیەکدا بە ڕەزامەندی سەرۆکی لیژنە، هەروەها دەتوانێت بۆچوونی خۆی دەربڕێت، بەڵام مافی دەنگدانی نیە.

**<u>بەندی ژمارە (77)</u>**

یەکەم: لیژنە مافی ئەوەی هەیە بەڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی بانگهێشتی هەر وەزیرێك یان کەسێك کە لەپلەی وەزیر بێت بکات بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێك بەئاگاداری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران وسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. هەروەك پێویستە بەرپرسی بانگهێشتکراو لەماوەی حەوت ڕۆژدا لەبەرواری وەرگرتنی بانگهێشتنامەکە ئامادەی کۆبوونەوەی لیژنەکە ببێت.
دووەم: لیژنە بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی مافی ئەوەی هەیە کە بانگهێشتی جێگری وەزیرەکان و بەرپرسانی خاوەن پلەی تایبەت و فەرمانبەرانی دیکەی حکومەت (مەدەنی بن یان سەربازی) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بکات بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێك و داواکردنی زانیاری بە ئاگادارکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
سێیەم: وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئەنجومەنی نوێنەران یان هەرکەسێك کە نوێنەرایەتی بکات دەتوانێت ئامادەی کۆبوونەوەی لیژنەکان ببێت پاش بانگهێشتکردنی بەمەبەستی هەمەئاهەنگی و هاوکاری و گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەران.
چوارەم: لیژنە مافی ئەوەی هەیە هەر دیدارێك کە لەگەڵ هەر بەرپرسێك ئەنجامی دەدات و لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیدایە دیکۆمێنتی بکات بەشێوەی دەنگ یان ڕەنگ و دەنگ.

## بەندی ژمارە (78)

لیژنە هەمیشەییەکان دەتوانن لە ڕێی دەستەی سەرۆکایەتی داوای ئەو زانیاری و بەڵگەنامانە بکەن لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوە جەماوەریەکان کە پێویستیان پێیەتی.

## بەندی ژمارە (79)

ئامادەبوون لە دانیشنی لیژنەکاندا وەك ئامادەبوونی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانە، هەروەها هەمان بڕیارەکانی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە جێبەجێ دەکرێت لە کاتی ئامادەنەبوون لە دانیشتنی لیژنەکاندا.

## بەندی ژمارە (80)

کاتێك ئەندامێتی یەکێك لە لیژنەکان بەتاڵ دەبێت، ئەندامێکی تر لە جیاتی لەلایەن ئەنجومەنەوە هەڵدەبژێردرێت.

## بەندی ژمارە (81)

یەکەم: دەستەی سەرۆکایەتی کێشەکان بە تەواوی بەڵگەنامەکانیەوە ڕەوانەی لیژنەکان دەکات بۆ لێکۆڵینەوەو تاووتوێکردن و دەرکردنی ڕاسپاردەی گونجاو لەبارەیانەوە.
دووەم: هەر لیژنەیەك کۆنووسی دانیشتنەکانی خۆی ڕێکدەخات، هەروەها ناوی ئامادەبووان و نەهاتووان دەنووسرێن و ئەو بیروبۆچوونانەش کە دەخرێنەڕوو تۆمار دەکرێت. بڕیارەکانیش بە کۆی دەنگ دەبێت، لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیش ئەولایە پەسەند دەکرێت کە سەرۆك دەنگی بۆ دەدات.

## بەندی ژمارە (82)

ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت لیژنەی کاتی یان لیژنەی لێکۆڵینەوە دروست بکات، بە پێی پێداویستی کار و ئەو کێشانەی دەخرێنە بەردەمی.

## بەندی ژمارە (83)

پێکهێنانی لیژنەی کاتی و لیژنەی لێکۆڵینەوە بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو دەبێت لە ئەنجومەنی نوێنەران، لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی یان پەنجا ئەندام.

**بەندی ژمارە (84)**

لیژنەی لێکۆڵینەوە دەسەڵاتی بەدواداچوونی ڕاستیەکانی هەیە سەبارەت بەو کێشانەی کە دەخرێنە بەردەمی لیژنەکە، هەروەها دەتوانێت بانگهێشتی هەرکەسێك بکات کە دەیەوێت بۆ گوێگرتن لە وتەکانی بە ڕێگاوشوێنی یاسایی. لەهەمانکاتدا مافی بەئاگابوونی هەیە لە هەر شتێك پەیوەندی بەو کێشەیەوە هەبێت کە خراوەتە ڕوو، بە بێ دەستوەردانە ئەو کێشانەی کە لە دادگا خراونەتەڕوو. هەروەك دەتوانێت پشت بە کەسانی شارەزا ببەستێ دوای دیاریکردنی کرێی کارکردنیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی.

**بەندی ژمارە (85)**

لیژنە دوای کۆتاییهاتنی لێکۆڵینەوەکە، ڕاپۆرت و ڕاسپاردەی خۆی بەرز دەکاتەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، تا لە ئەنجومەنی نوێنەران بخرێتە ڕوو بەمەبەستی بڕیاردانی ڕێوشوێنی پێویست.

**بەندی ژمارە (86)**

لیژنە مافی ئەوەی هەیە سەرۆکی لیژنە یان جێگرەکەی یاخود بڕیاردەر لەسەر کارلابدات ئەگەر سەلمێنرا توانای نیە یاخود ناتوانێ ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ.

## بەشی سێزدەیەم
## تایبەتمەندی لیژنە هەمیشەییەکان

**بەندی ژمارە (87)**

یەکەم:هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی مافی ئەوەی هەیە یاسا پێشنیار بکات کە پەیوەندی هەبێت بە تایبەتمەندی کارەکەیەوە بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی کەلەم پەیڕەوی ناوخۆیە ئاماژەی پێکراوە.

دووەم: لیژنە هەمیشەییەکان ئەرکی توێژینەوەی پڕۆژەی یاسایی و پڕۆژە یاساییە پێشنیارکراوەکان لە ئەستۆ دەگرن کە پەیوەندی بە پسپۆڕی بواری کاری ئەوانەوە هەیە، لەگەڵ خستنەڕووی بۆچوونیان لەو کێشەو بابەتانەی بۆیان ڕەوانە دەکرێت لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە کە پەیوەندیدارە بەو تایبەتمەندیانەی کە لەم پەیڕەوی ناوخۆیە ڕوونکراوەتەوە.

سێیەم: هەر لیژنەیەك مافی ئەوەی هەیە بەدواداچوون و چاودێری پاراستنی هاوسەنگی بکات لەو دامودەزگایانەی کە پێی پەیوەندیدارە.

**بەندی ژمارە (88)**

لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە

بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:

یەکەم: لێکۆڵینەوەی هەڵوێستی نێودەوڵەتی و هەرێمی و پەرەسەندنەکانی سیاسەتی نێودەڵەتی.

دووەم: بەدواداچوونی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت و نوێنەرایەتی دیبلۆماسی.

سێیەم: بەدواداچوونی کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان.

چوارەم: لێکۆڵینەوەی ڕێککەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بە هاوکاری لەگەڵ لیژنەی یاسایی.

پێنجەم: پێشنیارکردنی یاساکانی ڕێکخستنی بواری دیبلۆماسی و باڵوێزخانە.

شەشەم: بەدواداچوونی کاروباری تایبەت بە ڕێکخراوی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان.

## بەندی ژمارە (89)

لیژنەی بەرگرو ئاسایش
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: بەدواداچوونی کاروباری ئاسایشی دەرەوەی دەوڵەت.
دووەم: بەدواداچوونی کاروباری ئاسایشی ناوخۆو لەناوبردنی تیرۆرو تاوان.
سێیەم: بەدواداچوونی کاروباری هێزە چەکدارەکان.
چوارەم: بەدواداچوونی کاروباری فەرمانگەی هەواڵگری.
پێنجەم:پێشنیارکردنی یاساکانی تایبەت بە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکان و پۆلیس و ئەندامان و دەزگاکانی هەواڵگری عێراقی.

## بەندی ژمارە (90)

لیژنەی یاسایی
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: پێداچوونەوەی یاساکان و گونجاندنی بەپێی دەستور.
دووەم: لێکۆڵینەوەی یاسای تایبەت بە دەسەڵاتی دادگا (قضائیە).
سێیەم: هاوکاری ئەنجومەنی نوێنەران و لیژنەکان لە داڕشتنی دەقی یاسایی.
چوارەم: چاککردن و پەرەپێدانی سیستەمی یاسایی و دادگایی (قضائیە).
پێنجەم: لێکۆڵینەوەی ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتەوە دەخرێتە بەردەستی، هەروەها دەربڕینی بۆچوونی لیژنە دەربارەیان وئامادەکردن و داڕشتنی دەقەکانی، بە گوێرەی ڕاسپاردنی لیژنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە.
شەشەم: پێداچوونەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاو.
حەوتەم: بەدواداچوونی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان.

## بەندی ژمارە (91)

لیژنەی نەوت و گازو سامانە سروشتیەکان.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی سیاسەتی نەوت و سامانە سروشتیەکان.
دووەم:چاودێریکردنی ژمێرریای داهاتی نەوت و گازو سامانە سروشتیەکانی دیکە.
سێیەم: پێشکەشکردنی پڕۆژەی یاساکان بەمەبەستی دانانی سنورێك بۆ بەفیڕۆدانی سامانی نەوت و سروشتی.
چوارەم: بەدواداچوونی ئامادەکردن و هێنانەکایەی کۆمپانیای نەوت بۆ مسۆگەربوونی باش بەڕێوەچوونی

بەرهەمە نەوتیەکان بۆ هاوڵاتیان.
پێنجەم: بەدواداچوونی سیاسەتی نەوت بەرامبەر خۆراك و دەرمان و پێداویستیە سەرەکیەکان و دۆسیەی گەندەڵی کەبەو هۆیەوە دروست بووە.
شەشەم: بەدواداچوونی ئامادەکردن و بەدیهێنانی پڕۆژەکانی پەیوەندیدار بە سامانی سروشتی.

**بەندی ژمارە (92)**

لیژنەی دەستپاکی (نەزاهە).
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: بەدواداچوونی گەندەڵی ئیداری و دارایی لە دەزگا جیاوازەکانی دەوڵەت.
دووەم: بەدواداچوون و چاودێریکردنی کاری دەستەو دەزگاکانی دەستپاکی (نزاهە) (دەستەی دەستپاکی، فەرمانگەی پشکنەری گشتی، دیوانی چاودێری دارایی و دەزگا سەربەخۆکانی دیکە).
سێیەم: پێشنیارکردنی پڕۆژەی یاسای تایبەت بە دەستپاکی.

**بەندی ژمارە (93)**

لیژنەی دارایی.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: بەدواداچوونی بودجەی گشتی دەوڵەت و ئاڵوگۆڕ لە نێوان بەشەکانی.
دووەم: پێشنیارکردنی یاسای تایبەت بە گومرگ و باج و باربۆ (رسوم).
سێیەم: بەدواداچوونی بانك و گرەنتی (الائتمان) و قەرز و دابینکردن (تأمین).
چوارەم: سەرپەرشتی ئامادەکردنی بودجەی ئەنجومەنی نوێنەران.
پێنجەم: بەدواداچوونی قەرزو قەرەبووەکان کە بەسەر گەلی عێراقدا سەپێنراوە.
شەشەم: بەدواداچوونی سیاسەتی دارایی سەرجەم وەزارەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت.

**بەندی ژمارە (94)**

لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: بەدواداچوونی پلانی ئابووری دەوڵەت.
دووەم: گرنگیدان بە بواری کەرتی تایبەت و تایبەتکردن (خصخصە).
سێیەم: بازرگانی ناوخۆو دەرەوە و کرێ و نرخ.
چوارەم: چاودێری پەیماننامە مۆرکراوەکان بۆ هاوردەکردنی برگەکانی کۆبوونی خۆراك و پاراستنی بەڕێوەچوونی بەشێوەیەکی باش و پرۆسەی دابەشکردنی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك.
پێنجەم: بەدواداچوونی پەرەپێدانی پیشەسازی ناوخۆیی.
شەشەم: بەدواداچوونی کاروباری وەبەرهێنانی نیشتمانی و بیانی و پێشنیارکردنی یاساو بڕیارەکان کە هانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەدات لە عێراقدا.
حەوتەم: بەدواداچوونی هەموو پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون وژێرخانی ئابوری وهیتر.

**بەندی ژمارە (95)**

لیژنەی پەروەردەو فێرکردن.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:

یەکەم: بەدواداچوونی کاروباری پەروەردەو فێرکردن بۆ هەموو قۆناغەکان و پرۆگرامەکانی.
دووەم: بەدواداچوون و گەشەپێدانی زانکۆو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی.
سێیەم: بەدواداچوونی گشتگیرکردنی کەلتوری لێبوردن و مافی مرۆڤ.

## بەندی ژمارە (96)

لیژنەی تەندروستی و ژینگە.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: پێداچوونەوە و گەشەپێدانی سیاسەتی تەندروستی وڵات بە گونجاوترین شێوە لەگەڵ خزمەتگوزاریەکانی حکومەت.
دووەم: گرنگی دان بە کادیری پزیشکی و تەندروستی و ڕەخساندنی کەشێکی ئارامبەخش بۆیان تا کۆچ نەکەن بۆ دەرەوەی وڵات بەو پێیەی زیان کەوتنە لە ووزەی وڵات.
سێیەم: بەدواداچوونی پلانی دابینکردنی دەرمان و ئامێرەکان لە کۆگا باوەپێکراوە نێودەوڵەتیەکانەوە.
چوارەم: بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەو یاساو ڕێوشوێنانەی کە تایبەتە بە ژینگە لە سەرجەم ناوچەکانی عێراق.
پێنجەم: بەدواداچوونی پاراستن و گەشەپێدانی ناوچە سەوزەکان لە شارو گوندەکانی عێراق.
شەشەم: بەدواداچوونی هاندانی وەزارەتە تایبەتمەندەکان بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی بە بیابان بوون.
حەوتەم: چاودێری پرۆسەی شاردنەوەی پاشماوە زیانبەخشەکان و پێشکەشکردنی پرۆژەی یاسایی بەرگر لە فڕێدانی پاشماوە ئەتۆمیەکان لە ناوچەکانی عێراق.

## بەندی ژمارە (97)

لیژنەی کارو خزمەتگوزاری.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم:گرنگیدان بە کاروباری خزمەتگوزاری شارەوانی و ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆ.
دووەم: بەدواداچوونی کاروباری کارەبا.
سێیەم: بەدواداچوونی کاروباری گەیاندن.
چوارەم: بەدواداچوونی کاروباری گواستنەوە.
پێنجەم: پێشنیارکردنی یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەت و خاوەن کارو کرێکار.
شەشەم: چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاسای کار.
حەوتەم: چاودێریکردن و بەدواداچوونی ئامادەکردنی کرێکاری بەتوانا بەپێی پێدوایستی بازاڕی کار.

## بەندی ژمارە (98)

لیژنەی کاروباری هەرێم و ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: گرنگیدان بە کاروباری هەرێم و ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون و پەیوەندیان بە حکومەتی فیدراڵی.
دووەم: بەدواداچوونی کاروباری ئەنجومەنی هەرێم و پارێزگاکان و ئەنجومەنە ناوچەییەکان.
سێیەم: بەدواداچوونی بەشداری دادوەرانە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا جیاجیاکانی دەوڵەتی فیدراڵی و

نێردراوو زەمالەتەکانی خوێندن و کۆنگرە ناوخۆیی و نیودەوڵەتیەکان.
چوارەم: بەدواداچوونی دابەشکردنی دادپەروەرانە بۆ داهات و پارەی تایبەتکراو لە نێوان هەرێم و پارێزگاکان.
پێنجەم: پێشنیارکردنی یاسای ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێم و پارێزگاکان لەگەڵ وەزارەتە فیدراڵیەکان.
شەشەم: پێشنیارکردنی یاسای ڕێکخستنی کاری ئەو دوو دەستەیەی کە لە مادەی 105 و 106ی دەستور ئاماژەی پێکراوە.

**بەندی ژمارە (99)**

لیژنەی مافی مرۆڤـ.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: بەدواداچوونی مافی مرۆڤی عێراقی لەسەر بنەما دانپێدانراوەکان لە دەستور و تۆمارکردنی سەرپێچیەکان و پێشنیار بۆ چارەسەرکردنیان.
دووەم: تۆمارکردنی سەرپێچی مافی مرۆڤـ لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە.
سێیەم:بەدواداچوونی کاروباری بەندکراوان و دەستگیرکراوان لە بەندیخانەکاندا.

**بەندی ژمارە (100)**

لیژنەی ڕۆشنبیری و هونەرو ڕاگەیاندن و گەشتوگوزار.
یەکەم: گرنگیدان بە سەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیری.
دووەم: گرنگیدان بە پەرەپێدانی هونەرو ئەدەب.
سێیەم:گرنگیدان بە کاروباری گەشتوگوزار بە تایبەت گەشتوگوزاری ئایینی.
چوارەم: بەدواداچونی کاروباری شوێنەوارو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی گێڕانەوەی کەلوپەلە کۆنە عێراقیە دزراو و لەناوچووەکان و پاراستنیان.
پێنجەم: بەدواداچوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاودێری کارەکانیان.
شەشەم: بەدواداچوونی دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان.

**بەندی ژمارە (101)**

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: بەدواداچوونی کارو بڕیاری دیوانەکانی ئەوقاف.
دووەم: پێشکەشکردنی پڕۆژەی یاسای کاراکردن و پەرەپێدانی ئەوقاف.
سێیەم:بەدواداچوونی دەستەی باڵای حەج و عومرە.

**بەندی ژمارە (102)**

لیژنەی ڕاگوێزراوان و دەرکراوان و ئاوارە.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: بەدواداچوونی گێڕانەوەی ئەوانەی بەزۆر ڕاگوێزراون و دەرکراون، بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان پێش ڕاگواستن، هەروەها گێڕانەوەی ماڵ و دارایی گواستراوەو نەگواستراوەکان بۆیان.
دووەم: بەدواداچوونی گێڕانەوەی موڵك و دارایی ڕاگوێزراوان و دەرکراوان کە بە ناڕەوا دەستی بەسەردا

گیراوە لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە.
سێیەم: بەدواداچوونی کاروباری هاوڵاتیان کە لەژێرسایەی ڕژێمی پێشوودا دەستیان بەسەردا گیراوە، لە بەرەنجامی ڕاگواستنی خێزانەکانیان بۆ دەرەوەی عێراق.
چوارەم: لێکۆڵینەوەی پڕۆژە یاسا پێشنیارکراوەکان کە تایبەتە بە ڕەگەزنامە بەو پێیەی لە بەندی یازدەی دەستور ئاماژەی پێکراوە، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی.
پێنجەم: بەدواداچوونی دەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکداری.

**بەندی ژمارە (103)**

لیژنەی کشتوکاڵ و ئاوو زۆنگاوەکان.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: بەدواداچوونی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی.
دووەم:.چاودێری جێبەجێکردنی سیاسەتی داهاتی ئاو و دابەشکردنی لە ناوخۆدا.
سێیەم: گرنگیدان بە گوندەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کشتیاران و جوتیاران.
چوارەم:بەدواداچوونی سامانی ئاژەڵ و کاروباری ڤێرتێرنەری.
پێنجەم:بەدواداچوون و پەرەپێدانی کاروباری کۆچبەران لە ڕێی نیشتەجێکردنیان و دابینکردنی ژینگەی شیاو بۆیان.
شەشەم: بەدواداچوونی زیندوکردنەوەی زۆنگاوەکان.
حەوتەم: بەدواداچوونی کاروباری دانیشتواتی زۆنگاوەکان و پەرەپێدانی بارودۆخیان.
هەشتەم: پەرەپێدانی زۆنگاوەکان وەك سامانێکی نیشتمانی و کەلتورێکی مرۆیی.

**بەندی ژمارە (104)**

لیژنەی ڕیشەکێش کردنی بەعس.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: چاودێریکردن و بەدواداچوونی ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەستەی باڵای ڕیشەکێشکردنی بەعس دەیگرێتەبەر بۆ مسۆگەربوونی دادوەری و بابەتیبوون و شەفافیەت، هەروەها چاوخشاندنەوە بە یاساکانی دەستەی ناوبراو.
دووەم: دەرکردنی ڕاسپاردە سەبارەت بەو بریارانەی کە دەستەی ڕیشەکێشکردنی بەعس و فەرمانگەکانی دەری دەکات لە وەزارەت و دەستە حکومیەکان و ڕاسپاردەکانیش لە ئەنجومەنی نوێنەران دەخرێنەڕوو.

**بەندی ژمارە (105)**

لیژنەی شەهیدان و قوربانیان و زیندانە سیاسیەکان
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: بەدواداچوونی کاری دەزگای شەهید.
دووەم: بەدواداچوونی کاری دەزگای زیندانە سیاسیەکان.
سێیەم:بەدواداچوونی کاروباری ئەوانەی بەهۆی پرۆسە سەربازی و تیرۆریستیەکانەوە شەهید بوون یان زیانیان لێکەوتووە.
چوارەم: بەدواداچوونی کاروباری کەمئەندامان.
پێنجەم: بەدواداچوونی کاروباری دەرکراوە سیاسیەکان.

**بەندی ژمارە (106)**

لیژنەی لاوان و وەرزش.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: بەدواداچوونی کاروباری لاوان و بەرزرکردنەوەو پەرەپێدانی ئاستی لێهاتوویان لە بوارە جیاوازەکاندا.
دووەم: بەدواداچوون و پەرەپێدانی کاروباری وەرزشوانان و دەزگا وەرزشیەکان.

## بەندی ژمارە (107)

لیژنەی ئافرەت و خێزان و منداڵ.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: پێشکەشکردنی پرۆژەی یاسای پێشنیارکراو کە پشتیوانی ڕۆڵی ئافرەت دەکات لە کۆمەڵگە و ڕێرەوی سیاسیدا.
دووەم: گرنگیدان بە مافی ئافرەت و بەرگری کردن لێی بە پێی گەڵاڵەنامەکانی مافی مرۆڤ بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی کۆمەڵگەی عێراقی.
سێیەم: تۆمارکردنی سەرپێچی مافەکانی ژنان کە لە دەستور ئاماژەی بۆکراوە.
چوارەم: بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەو یاسا و ڕێوشوێنانەی کە خێزان دەپارێزێ لە کۆمەڵگەی عێراقیدا.
پێنجەم: گرنگی بە گەشەدانی ئەو یاساو پرۆژانەی کە تایبەتە بە سەرپەرشتیکردنی دایکایەتی و منداڵێتی.
شەشەم: گرنگیدان و سەرپەرشتیکردنی نەوجەوانان تا پارێزراوبن لە لادان و پەرتەوازە بوون.
حەوتەم: بەدواداچوونی فەرمانگەکانی سەرپەرشتی کۆمەلایەتی بەو شێوەیەی کە مافی کەمئەندامان و پیرو بەتەمەنەکان پارێزراوبێت.

## بەندی ژمارە (108)

لیژنەی دامو دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: پێشنیارکردن و پشتیوانیکردنی ئەو یاساو ڕێوشوێنانەی کە گەشەپێدان و وەگەڕخستنی ڕۆڵی دام و دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی مسۆگەر دەکات.
دووەم: بەدواداچوونی پەیمانگەو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە کە گرنگی دەدات بە بیر و میکانیزمی دام و دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەو شێوەیەی کە گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵگەی عێراقی.

## بەندی ژمارە (109)

لیژنەی کاروباری ئەندامان و پەرەپێدانی پەرلەمانی.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە بەدواداچوونی هەرچی پەیوەندیدارە بە کاروباری ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.
دووەم: دڵنیابوون لەو مەرجانەی کە پێویستە لە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەراندا هەبێت.
سێیەم: کارکردن بۆ پەرەپێدانی ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیەی کە لە ڕێی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی جیهان دێتەدی ئەویش لە ڕێی چوونەدەرەوە بۆ وڵات....هتد.

## بەندی ژمارە (110)

لیژنەی هۆزەکان.

بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: بەدواداچوونی کاروباری هۆزەکان و بەگەڕخستنی ڕۆڵی نیشتمانیان.
دووەم:بەدواداچوونی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆزو خێڵە عێراقیەکان و گرنگپێدانیان بەو شێوەیەی کە لەگەڵ ئایین و یاسادا گونجاو بێت.
سێیەم: سەرپەرشتیکردن و پتەوکردنی نەریتە باش و مرۆییەکان بەو شێوەیەی کە دەبێتە گەشەپێدانی کۆمەڵگە.

## بەندی ژمارە (111)

لیژنەی سکاڵا.
بواری پسپۆڕی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:
یەکەم: وەرگرتنی بۆچوون و پێشنیارو سکاڵای هاولاتیان.
دووەم: چاوخشاندنەوە بە سکاڵاکان و پێشنیارەکان و ڕەوانەکردنیان بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان.
سێیەم:بەدواداچوونی ئەم پێشنیارانە لەگەڵ لیژنە تایبەتمەندەکان و ئاگادارکردنی هاولاتیان لەبارەیانەوە.

## بەندی ژمارە (112)

یەکەم: هەر لیژنەیەك مافی پێشنیار کردنی یاسای هەیە، پێشنیارەکان لەلایەن سەرۆکی لیژنەوە بە نووسراوی پێشکەشی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت، ئەویش ڕەوانەی لیژنەی پەیوەندیداری دەکرێت.
دووەم: لیژنەی تایبەتمەند هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوەی یاساو دەیگێڕێتەوە بۆ سەرۆك.
سێیەم: سەرۆکی ئەنجومەن پرۆژەی یاسا ڕەوانەی لیژنەی یاسایی دەکات بۆ پێداچوونەوەی داڕشتنی و ووردبینی و پێویستە لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش بیخاتەڕوو.

## بەندی ژمارە (113)

لیژنەکان لە سنوری تایبەتمەندی خۆیان هەڵدەستن بە بەدواداچوونی ناوەرۆکی بەیاننامەی وەزیرەکان لەسەرجەم بوارەکانداو لەمبارەیەشەوە ڕاسپاردە دەردەکەن و دەستەی سەرۆکایەتیش دەتوانێت ئەم ڕاسپاردانە لە ئەنجومەن بخاتەڕوو.

## بەندی ژمارە (114)

دانیشتنی لیژنەکان ئاشکرانین، هەروەها تەنها ئەندامانی لیژنەکەو ئەندامانی دیکەی ئەنجومەن و فەرمانبەرانی لیژنەکەو ئەو کەسانەی کە لیژنە پشتیان پێدەبەستێت لە ڕاوێژکاران و شارەزایان و ئەندامانی حکومەت ئامادەی دەبن. نابێت نوێنەری ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەی کۆبوونەوەی لیژنەکان بن تەنها بە مۆڵەتی سەرۆکی لیژنەکە نەبێت.

## بەندی ژمارە (115)

هەموو لیژنەیەك پێویستە ڕاپۆرتێك پێشکەش بە ئەنجومەن بکات سەبارەت بە هەر بابەتێك کە ئاڕاستەی دەکرێت. پێویستە ڕاپۆرتەکە ئەو ڕێوشوێنانە لە خۆبگرێت کە لیژنەکە ئەنجامیداوە لەگەڵ دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی کە لیژنەکە لە بۆچوونەکانیدا پشتی پێدەبەستێت. لەگەڵ ڕاپۆرتەکەش دەقی پرۆژەو یاساکان هاوپێچ دەکرێت لەگەڵ یاداشتەکانی ڕوونکردنەوە. هەروەك پێویستە ڕاپۆرتەکە بۆچوونە جیاوازەکانی تێدابێت کە لەوانەیە لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە لەبارەی بابەتەکەوە خرابێتەڕوو.

## بەندی ژمارە (116)

جگە لەو کاروبارانەی کە دەقی تایبەتی لەبارەوە هاتووە، لیژنە ڕاپۆرتی خۆی لە ماوەی نێوان دوو تا چوار

هەفتە دەخاتەڕوو لە بەرواری ڕەوانەکردنی بابەتەکە بۆی، بەمەرجێك ئەنجومەن ماوەی دیکە دیاری نەکات. ئەگەر ماوەکە تێپەڕی و ڕاپۆرتەکە پێشکەش نەکرا، ئەو کات سەرۆکی ئەنجومەن دەتوانێت داوا لە سەرۆکی لیژنەکە بکات کە هۆکارەکانی دواکەوتنی ڕاپۆرتەکە بخاتەڕوو لەگەڵ ئەو ماوەیەی کە پێویستە بۆ تەواوکردنی کارەکانی، هەروەك سەرۆك دەتوانێت کیشەکە بخاتەبەردەم ئەنجومەن تا بڕیاری پێویستی لەبارەوە بدرێت.

## بەندی ژمارە (117)

وێنەیەك لەو بڕیارانەی کە لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت دەنێردرێت بۆ نوسینگەی سەرۆکی ئەنجومەن، هەروەك ئەم وێنانە دەخرێتەبەردەستی لیژنە جیاوازەکانی ئەنجومەن.

## بەندی ژمارە (118)

پێویستە وەزارەتەکان لیژنە پەیوەندیدارەکان لە بڕیارە ستراتیژی و کاروبارە کارگێڕیەکان و ڕێنماییە پیشەییەکان ئاگاداربکەن کە دەریدەکەن. هەروەها لیژنەکان مافی ئەوەیان هەیە کە داوای وێنەیەك لەو ڕاپۆرتانە بکەن کە ئامادەیان کردووە لەو سەردانانەی کە بۆ دەرەوەی وڵات ئەنجامیانداوە یان لەو کۆنگرەو کۆبوونەوە نێودەوڵەتیانەی کە بەشداریان تێداکردووە. هەروەها لیژنەی تایبەتمەند مافی ئەوەی هەیە کە داوای ڕوونکردنەوە لە وەزیر بکات سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتانە یان داوای ئامادەبوونی سەرۆکی شاندەکان بکات بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیان سەبارەت بە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکان.

## بەندی ژمارە (119)

سەرۆکی ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە بانگهێشتی یەکێك لە لیژنەکان بکات بۆ تاووتوێکردنی بابەتێکی گرنگ یان بەپەلە. هەروەك سەرۆکی ئەنجومەن سەرۆکایەتی دانیشتنی ئەو لیژنانە دەکات کە ئامادەی دەبێت. گۆڕینەوەی نووسراوی فەرمیش لەنێوان لیژنەکانی ئەنجومەن و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لایەنەکانی تری دەرەوەی ئەنجومەن لەڕێی سەرۆکی لیژنەوە دەبێت بەپێی ئەو پەیڕەوی ناوخۆیەی کە لەم .بوارەدا دادەنرێت، لەهەمانکاتدا سەرۆکی ئەنجومەن ئاگاداردەکرێت بەناردنی وێنەیەك لە نووسراوەکە بۆی

## بەشی چواردەیەم
## پێشنیاری ئەندامان سەبارەت بە پڕۆژە یاساییەکان

## بەندی ژمارە (120)

دە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران مافی ئەوەیان هەیە پڕۆژەی یاسا پێشنیار بکەن بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کە لە چوارچێوەی چەند مادەیەکدا داڕێژرابێت و هۆکاری دانانی یاساکەش باسکرابێت.

## بەندی ژمارە (121)

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت بەنووسراو سەرپێچی بنەما دەستوری و یاساییەکان ئاراستەی ئەو لایەنە بکات کە پرۆژەکەی پێشنیارکردووە ، دوای ئەوەی دەخرێتە بەردەم لیژنەی پەیوەندیدارەوە، یاخود ئەگەر پڕۆژەکە شێوازی پێویستی لە خۆ نەگرتبوو، یان چەند بڕگەیەك لەو بەندە یاساییانەی تێدابوو کە کاری پێدەکرێت وە داوای ڕاستکردنەوە و کێشانەوەی لێکرابوو. ئەگەر ئەندام سووربوو لەسەر بۆچوونەکەی پێویستە لەسەری یاداشتێکی نووسراو پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بکات و

تێیدا بۆچوونی خۆی بخاتە ڕوو لەماوەی هەفتەیەكدا لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئاگاداریەی پێی گەیشتووە، پاشان سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران بابەتەكە دەخاتە بەردەم دەستەی سەرۆكایەتی. دواتر سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران بە نووسراو ئەو لایەنە ئاگادار دەكاتەوە كە پێشنیارەكەی پێشكەش كردووە سەبارەت بە بڕیاری دەستەی سەرۆكایەتی لە لەوبارەیەوە، ئەگەر ئەو لایەنەی كە پێشنیارەكەی پێشكەش كردووە هەر سوور بوو لەسەر بۆچونەكەی، ئەوا لەپاش هەفتەیەك سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران بابەتەكە دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ وەرگرتنی بڕیاری پێویست.

## بەندی ژمارە (122)

سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران هەر پێشنیارێك دەربارەی پڕۆژە یاساییەكان ڕەوانەی لیژنەی یاسایی دەكات تاوەكو لیژنەی یاسایی لە بۆچوونەكە بكۆڵێتەوەو ڕاپۆرتێك لەبارەیەوە ئامادەبكات بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و بۆچوونی لیژنەكە بخاتە ڕوو لەبارەی گونجاوی بۆچوونەكە یان ڕەتكردنەوەی یا دواخستنی، سەرۆكی ئەنجومەنیش دەتوانێت پێشنیار بكات بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕەتكردنەوەی پێشنیارەكە لەبەر چەند هۆكارێك كە پەیوەندیان بە بابەتەكەوە هەیە بە شێوەیەكی گشتی. ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران ڕەزامەندی نیشاندا لەسەری ئەوا پێشنیارەكە ڕەوانەی لیژنەی پەیوەندیدار دەكات.

## بەندی ژمارە (123)

ئەگەر پڕۆژەی یاسایەك پێشكەشكرا كە پەیوەندی هەبوو بە پڕۆژە یاسایەكی پێشنیاركراوێكی دیكە كە ڕەوانەی یەكێك لە لیژنەكان كرابێت، ئەوا سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران ڕاستەوخۆ ڕەوانەی ئەو لیژنەیەی دەكات، بەمەرجێك لیژنەكە دەستی نەكردبێت بە لێكۆڵینەوەی بڕگەكانی پڕۆژەكە یان پێشنیارەكە.

## بەندی ژمارە (124)

سەبارەت بەو پێشنیارانەی پەیوەندیدارن بە پڕۆژەی یاساكان، هەمان ئەو ڕێوشوێنانە دەربارەیان دەگیرێتە بەر كە تایبەتە بە تاووتوێكردنی پڕۆژە یاساییەكان كە لەم پەیڕەوی ناوخۆیەدا ئاماژەی پێدراوە، لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەو بابەتانەی كە دەقی تایبەت لەبارەیانەوە هاتووە.

## بەندی ژمارە (125)

ئەو لایەنەی پڕۆژەیەكی یاسایی پێشنیار كردووە دەتوانێت پاشگەزببێتەوە بە داوایەكی نووسراو بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران لە هەر كاتێكدا پێش دەستكردن بە تاووتوێكردنی بەندەكانی پڕۆژە یاساییەكە. پاش ئەوەی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران پاشگەزدەبێتەوە لە پێشنیارەكەی وەكو ئەوە وایە هەر پێشنیارەكەی نەخستبێتەڕوو بەمەرجێك یەكێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن خۆیەوە داوا نەكات پێشنیارەكە درێژەی پێبدرێت بە پێشكەشكردنی نووسراوێك لەوبارەیەوە بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران.

## بەندی ژمارە (126)

یاسا پێشنیاركراوەكان كە ئەنجومەنی نوێنەران ڕەتی كردۆتەوە یان كەسی پێشكەشكار لێی پاشگەز بووبێتەوە نابێت جارێكی دیكە لە هەمان خولی یاسادانانندا پێشكەش بكرێتەوە. سەرۆكی ئەنجومەن لە خوولی یاسادانانی دواتردا دەتوانێت پڕۆژەكە لەگەڵ ئەو زانیاریانەی پەیوەندیدارە پێی بخاتە بەردەمی ئەنجومەنی نوێنەران پاشان ڕەوانەی لیژنەی پەیوەندیدار دەكرێت، هەروەك سەرۆك دەتوانێت ڕاستەوخۆ ڕەوانەی لیژنەی پەیوەندیداری بكات لەگەڵ ئاگاداركردنی ئەنجومەن لەیەكەم دانیشتنی دوای ئەم كارە.

## بەشی پازدەیەم
## پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێوەدەوڵەتیەکان

### بەندی ژمارە (127)

ڕێکخستنی پرۆسەی پەسەندکردنی پەیماننامەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان بە یاسایەك دەبێت کە لەلایەن زۆرینەی 2\3ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دادەنرێت.

## بەشی شازدەیەم
## ڕێوشوێنە یاساییەکان

### بەندی ژمارە (128)

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ئەو پڕۆژە یاساییانەی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە پێشکەش کراوە ، ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکات، تاوەکو بۆچوونی خۆی لەبارەوە بخاتەڕوو پێش خستنەڕووی لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ تاووتوێکردنی، لەکاتی خستنەڕووی لە ئەنجومەنیشدا نوێنەری ئەو لیژنەیەی پڕۆژەکە پێشکەش دەکات ئامادەدەبێت.

### بەندی ژمارە (129)

هەموو ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەران مافی ئەوەی هەیە پێشنیار بکات بۆ هەموارکردن یان لابردن یان زیادکردن یان پەرت کردنی بەندەکان کاتێك دەخرێتە ڕوو بە مەبەستی هەموارکردنی پڕۆژەکە. پێویستە گۆڕانکاریە پێشنیارکراوەکە بە نووسراو پێشکەش بە سەرۆکی لیژنە بکرێت پێش بیست و چوار کاتژمێر بەلانی کەم لە ئەنجامدانی دانیشتنەکە کە تێیدا ئەو مادانە تاووتوێدەکرێت کە هەموارکردن دەیگرێتەوە.

### بەندی ژمارە (130)

پێویستە لیژنەی دارایی بۆچوونی حکومەت وەربگرێت سەبارەت بە هەر پێشنیارێك کە لیژنەکە دەیخاتە ڕوو دەربارەی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە پڕۆژەی بودجەدا، هەروەها پێویستە ڕاپۆرتی لیژنەکە بۆچوونی حکومەت و بیانوەکانی لەمبارەیەوە لە خۆبگرێت. ئەم بڕیارەش جێبەجێدەبێت بەسەر هەر پێشنیارێکدا کە یەکێك لە لیژنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران یا یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران پێشکەشی دەکات بۆ هەموارکردنی پڕۆژەی یاسایەك، ئەگەر ببێتە هۆی بارگرانی دارایی.

### بەندی ژمارە (131)

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیدار دەخوێنێتەوە هاوکات بۆچوونە ناتەباکانیش لەگەڵ بۆچوونی زۆرینەی ئەندامانی لیژنەکە دەخاتە ڕوو لە دانیشتنێکی تایبەت بۆ تاووتوێکردنی ڕاپۆرتەکە

. له هەموو بارێکیشدا تاووتوێکردنەکە بە پێی ئەو پڕۆژەیە بەڕێوەدەچێت کە لیژنەکە پێشکەشی کردووە.

**بەندی ژمارە (132)**

بەشێوەیەکی گشتی دەست دەکرێت بە تاووتوێکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بنەما سەرەکیەکانی پڕۆژەکە، ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی دەنگ لە بنەڕەتەوە ڕازی نەبوو لەسەر پڕۆژەکە، ئەوە دەگەیەنێ پڕۆژەکە ڕەتکراوەتەوە.

**بەندی ژمارە (133)**

دوای ڕازیبوونی ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕووی بنەڕەتەوە لەسەر پڕۆژەکە، دەست دەکرێت بە تاووتوێکردنی یەك بە یەکی بەندەکان دوای خوێندنەوەیان. هەر بەندێکیش بە جیا بۆچوونەکان لەبارەیەوە وەردەگیرێت و دەنگی لەسەر دەدرێت، پاشان لەسەر پڕۆژەکە بە گشتی بۆچوونەکان وەردەگیرێت و دەنگی لەسەر دەدرێت دوای تەواوبوونی خوێندنەوەی بەندەکانی.

**بەندی ژمارە (134)**

دوای کۆتاییهێنان بە تاووتوێکردنی بەندەکان و خستنەڕووی ئەو پێشنیارانەی بۆ هەموارکردن دەخرێنە ڕوو، ڕاوبۆچوونەکان وەردەگیرێت دەربارەی پێشنیارەکانی هەموارکردن، لەسەرەتاوە، هەروەك بەو پێشنیارانە دەست پێدەکرێت کە فراوانترین بواری هەیەو زیاتر دوورە لە دەقە بنەڕەتیەکەوە ، پاشان بۆچوونەکان لەسەر کۆی بەندەکە وەردەگیرێت.

**بەندی ژمارە (135)**

ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بە یەکێك لە بەندەکان بۆ هەموارکردنی بەندێك کە پێشتر ڕەزامەندی لەسەر نیشاندراوە، ئەوا ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت جارێکی دی ئەو بەندە تاووتوێ بکاتەوە. هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت جارێکی دی تاووتوێی بەندێك بکات کە پێشتر بڕیاری لەسەردراوە، ئەگەر هۆکاری نوێ هاتەپێش، پێش کۆتایی هاتن بە تاووتوێکردنەکی پڕۆژەکە.

**بەندی ژمارە (136)**

نابێت دەنگ لەسەر پڕۆژەی یاسا بدرێت پاش تێپەڕبوونی چوار ڕۆژ نەبێت بەلانی کەم لە کۆتاییهێنان بە تاووتوێکردنەکەو بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاساکە پێشکەش دەکرێت.

دووەم: لیژنەی تایبەت لانی کەم پاش دوو ڕۆژ هەڵدەستێت بەئەنجامدانی خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژەی یاساکە پاش وەرگرتنی پێشنیارەکان بە شێوەی نووسراو بۆ هەموارکردنی، پاشان گفتوگۆکردنی پڕۆژەکە.

## بەشی حەڤدەیەم
## ناڕەزایی لەسەر پڕۆژە یاساییەکان

**بەندی ژمارە (137)**

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەتوانێت هەر یاسایەك کەلەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەردەکرێت پەسەندبکات لەماوەی دە ڕۆژ لەبەرواری وەرگرتنی، جگە لەو بارانەی کە لە هەردوو مادەی (118)و (119)ی دەستور ئاماژەی پێکراوە. ئەگەر یاساکە ڕەزامەندی لەسەر نیشان نەدرا ئەوا دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران.

## بەندی ژمارە (138)

یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنێك ئەنجام دەدات بەو مەبەستە ، هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاری هەڵوەشانەوەکەو ئەو ڕوونکردنەوانەی پەیوەندیان پێوە هەیە ڕەوانەی لیژنەی پەیوەندیدار دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە پڕۆژە هەڵوەشێنراوەکە کە ناڕەزایی لەبارەوە دەربڕدراوە لەگەڵ ئەو هۆکارانەی پشتی پێ بەستراوە. ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکەش دەخرێتە بەردەمی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ چاوپێداخشاندنەوەی بەزووترین کات. ئەگەر ئەنجومەن پڕۆژەی یاساکەی بەزۆرینە پەسەندکرد ئەوا ڕەوانەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەکرێت تا ڕەزامەندی لەسەر نیشان بدرێت.

دووەم: ئەگەر بۆ جاری دووەم و لەماوەی دە ڕۆژدا لەبەرواری گەیشتنی پڕۆژەی یاساکە بۆ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ڕەزامەندی لەسەر نیشان نەدرا، ئەوا ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت بەزۆرینەی 3\5ی ئەندامانی پەسەندی بکات ئەم جارەیان بەپەسەندکراو دادەنرێت.

## بەشی هەژدەیەم
## ڕێوشوێنەکانی بەرزەفتەکردن

## بەندی ژمارە (139)

ئەگەر ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران یاسای تێکدا ، ئەوا سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران یەکێك لەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە دەرهەقی جێبەجێدەکات:

1- یادخستنەوەی ئەندام بە پەیڕەوی دانیشتنەکە.

2- ئەگەر ئەندام ملی نەدا ئەوا سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت ئاگاداری بکاتەوە بەو پێیەش وتەکانی لە کۆنووسی دانیشتنەکەدا دەکوژێنرێتەوە.

3- لە بەشەکانی دیکەی دانیشتنەکە بواری بەشداریکردنی پێنادرێت.

## بەندی ژمارە (140)

ئەگەر ئەندامەکە ملی نەدا بۆ بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران، ئەوا سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران مافی ئەوەی هەیە هۆکاری دی بگرێتە بەر بۆ مسۆگەرکردنی ئەو بڕیارە دوای وورياکردنەوەی ئەندامەکە لەو بارەیەوە. هەروەها سەرۆك دەتوانێت دانیشتنەکە ڕابگرێت یان کۆتایی پێ بهێنێت، لەم بارەشدا بێبەشکردنەکە دووقات زیاتر دەبێت لەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاری لەسەرداوە.

## بەندی ژمارە (141)

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران کە بێبەشکراوە لە کارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، دەتوانێت داوای ڕاگرتنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە بکات بەوەی لە نووسراوێکدا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دانبنێت بەوەی (داوای لێبوردن دەکات کە ڕێزی لە پەیڕەوی ئەنجومەنی نوێنەران نەگرتووە)، ئەمەش لە دانیشتنەکەدا دەخوێنرێتەوە، پاشان ئەنجومەنی نوێنەران بێ مشتومڕ بڕیاری خۆی دەدات لەمبارەیەوە.

## بەشی نۆزدەیەم
## بودجەی ئەنجومەنی نوێنەران

## بەندی ژمارە (142)

ئەنجومەنی نوێنەران بودجەیەکی تایبەتی هەیە کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ لایەنە داراییە تایبەتەکان دیاری دەکرێت و لە چوارچێوەی بودجەی گشتی دەوڵەت دادەنرێت.

## بەندی ژمارە (143)

بەشی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەران خەرجیە کۆتاییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران ئامادە دەکات و دەیخاتە بەردەستی دەستەی سەرۆکایەتی بۆ نیشاندانی ڕەزامەندی لەسەری پاشان ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی کاروباری دارایی، هەروەك لیژنەکەش ڕاپۆرتێك لەوبارەیەوە بەرز دەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران تا پەسەندی بکات.

## بەندی ژمارە (144)

خەرجیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەچێتـە ژێر چاودێری و ووردبینی دیوانی چاودێری داراییەوە.

## بەشی نۆزدەیەم
## بڕیارە کۆتاییەکان

## بەندی ژمارە (145)

یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران مافی ئەوەی هەیە شاند لە نێوان ئەندامانی بنێرێ بۆ دەرەوەی عێراق، سەبارەت بە کاروباری تایبەت بە ئەنجومەنی نوێنەران. لەمبارەیەشەوە تایبەتمەندی لیژنەکان ڕەچاو دەکرێت.

دووەم: ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت بانگهێشتی شاندو کەسایەتیەکان بکات بەمەبەستی ئەنجامدانی دیدار لەگەڵیان بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی عێراق.

## بەندی ژمارە (146)

یەکەم: نابێت هیچ کەسێك یان هێزێکی چەکدار بچێتە ناو بارەگای ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یان لە نزیك دەروازەکانی بمێنێتەوە تەنها بە ڕەزامەندی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران نەبێت.

دووەم: ڕێگە نادرێت هیچ جۆرە چەکێکی سوك و قورس یان بریندارکەر ببرێتە نێو بارەگای ئەنجومەنی نوێنەران، کە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران جۆرەکەی دیاری دەکات.

سێیەم: ڕێگەنادرێت بەهیچ کەس بچێتە نێو بارەگای ئەنجومەنی نوێنەران مەگەر بە مۆڵەت وەرگرتنی پێشوەخت نەبێت لە سەرۆکی ئەنجومەن.

## بەندی ژمارە (147)

یەکەم: دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران بەرپرسە لە دیوانی ئەنجومەنی نوێنەران.
دووەم: بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دیوانی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن سەرۆکی دیوانەوە دەبێت بە پلەی تایبەت، ئەویش ئەرکەکانی خۆی بە گوێرەی یاسا و ئەو دەسەڵاتەی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پێی دەبەخشرێت جێبەجێدەکات. هەروەها بەرپرسە لەبەردەم دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران، لەمڕوەشەوە ژمارەیەك لە کارمەندان بە پێی پێویستی ئەنجومەنی نوێنەران هاوکاری دەکەن.
سێیەم: ڕاوێژکاران ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە دەستەی سەرۆکایەتیەوە دەبێت، هەروەك بەرپرسن لە بەرامبەر دەستەی سەرۆکایەتی لە پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پسپۆڕی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و لیژنە هەمیشەییەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کە پەیوەندی بە کارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و تایبەتمەندیەکانی هەبێت یان هەر ئەرکێکی دیکە کە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران پێیان بسپێرێ.

## بەندی ژمارە (148)

دەکرێت گۆڕانکاری لەم پەیڕەوی ناوخۆیەدا بکرێت لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی یان پەنجا ئەندام لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و بەڕەزامەندی زۆرینەی ژمارەی ئەندامان.

## بەندی ژمارە (149)

بڕیار و فەرمانەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەنوسرێتەوە و بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بڵاو دەکرێتەوە.

## بەندی ژمارە (150)

چاودەخشێنرێتەوە بەم پەیڕەوی ناوخۆیە و ئەو بەندانەی دەگۆڕدرێت کە ناگونجێت لەگەڵ دەستور، پاش هەموارکردنی دەستورو پەسەندکردنی.

## بەندی ژمارە (151)

نوسینگەی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگاکان دەکرێتەوە بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و جەماوەر.

## بەندی ژمارە (152)

یەکەم: ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە لە بەرواری پەسەندکردنیەوە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە کاری پێدەکرێت.
دووەم: ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێتەوە.